

# هەڵەبجە

ک. د. ئازاد

**هەڵەبجە**

یاسی خۆشەویستیت دەکەم
دەبێ بەوەرزی هەڕەشە!
لەچوار لاوە
لێوی رقم لێ دەکرۆژن
خەنجەر سواری هەسان دەکەن
هەڕەشەم بەدەیان دەکەن

*          *

شیعری وەسفی تۆ دەنووسم
دیوان دیوان
بڵاونابنەوە!
شیعرم بەقاچاغە رێدا
روو دەکاتە شاری دڵان!
دەفتەرەکانم بەدەسنووس
دەگەنە لای دڵدارانت!
باسی عەشقی تۆ خەتەرە
باسی تۆ هەر باسی سەرە!

*          *

زۆر کەس لەعەشقی من ناگەن!
لۆمەیان ناکەم، دڵدار نین
خاوەن یار نین!
ناحەزانم،
لەعەشقی تۆ بێ
نەسیبن
وەك رەقیبن!

*          *

بەندەنەکانی تاریکی،
هەمیەر بەچاوەکانی تۆن!
چۆن بێم بۆ لات؟
لەسەردەمی پانۆڕامای
حەزەکانی قەتیس ماوو
مێژۆپۆتامیای خۆزگەکان،
تۆ ئازاری،
خاكو خەڵكو
ژارمیزەی،
کەمتیارەکانی نامۆییم
بیر دینیەوە!

*          *

سپێدەکان،
دگەڵ کوێستان وەخەبەر دێم!
دەستنوێژ بەئاوی زوڵاڵی،
کانی بنارێك هەڵدەگرم!
لەسەر بەرماڵی پێدەشتی
دەشتێکی کاکی بەکاکی
بەرانبەر یەزدان ئەوەستم

دەستم هەتا ئەشقی خوا
درێژدەکەم
بەو نیازە،
بەسەربەستیت بینمەوەو
چی تر شۆفڵی ناحەزو
سەرنیزەی خەم،
جەرگت نەدڕن!
چی تر چی تر سەرت نەبڕن!
* *

ئیستقانەکانم لەغاری شانەدەری
هاتنەدەرێ!
هی سەردەمی،
ئاندرتاڵیو کاڵیم بوو!
زانیم تەمەن درێژترم،
لەجەلادەکانی خۆشم!
* *

لەم وڵاتە،
عومری شادی کەم دەوامەو
خەم زۆر دەژی!
* *

ساڵەهایە
چاوەکانم فێری گریان دەکەم،
بەنەفرەتەوە دەڕوانی!
عەشقەوە بیر دڵ دینمەوە،
دەردەدارانە لێدەدا!!
کەگۆرانی شاد دەکەمە
میوانی چوار وەزری شیعرم
هاوار ئەکاو ئەناڵێنی!
* *

ئەی نیشتمان،
ئاواتەکانم، لەتۆرا دەستپێدەکەن
بۆیە بێ هۆ
لەکۆتاییش دەگەنەوە باوەشی تۆ!
* *

بۆ ساڵڕۆژی
لەدایکبوونی راپەڕین،
کوردستانیش،
وەك چۆن باوە،
مۆمێکی گەورەی داگیرساند،
ئەو مۆمە گەورەو بەشکۆیە،
"هەڵەبجەی شەهید"ی ناوە!
* *

ئەوەی ئەمڕۆ
پێش بەشیعرو
هاوارو هەڕەشەم دەگرێ،
گەمژەیەکە
قەمچیەکی بەدەستەوە،
سنگی دەریا دائەپاچێ
تاکو شەپۆلی هەڵ نەچێ!
* *

یەکەم زیقەی منالێکی لەدایکبووی
پاش کارەساتی هەڵەبجە
تێی گەیاندم،
عومری زوڵم کەم دەوام تر،
لەتەمەنی مێلاقەیە!
* *

ئای چەند سپڵەن!
ئەو کەسانەی ،
ئەو کانیەی تێر ئاویان دەکا،
دەی خنکێنن!
ئەو دەستەی نانیان دەداتێ،
دەی شکێنن!
* *

ئەو باسایە پەستم دەکا،

دەسەڵاتم لێ دەستێنێ!
بێزارم لەو بەسەرهاتەی،
باڵی فرینم دەشکێنێ!
تووڕەم لەهەر دەسەڵاتێ،
کوردستانم دەشێوێنێ!
*          *
هەرگیز سەرم دانەنەوی
هەتا بووە،
غەیری بۆ تۆ و بۆ خوانەبێ،
ئەی نیشتمان
کڕنۆشم، قەت نەبردووە!
*          *
چۆن قەڵەمی من بسرەوێ؟
ئاشیعری من بەخەبەرە،
دوژمن خەوی لێناکەوێ!
*          *
ئەگەر گەڵایەك هەڵوەرێ
دڵی شیعرم دادەخورپێ
ئەگەر گوڵێك پەڕ پەڕ بێ
چاوم ئانەی بەسەردادێ!
هاوار   هاوار
لێرەدا ..... نا
دارستانیان شەق و شڕکرد
لێرە گوڵ نا
لێرە گوڵستانیان قڕکرد،
لێرە لەشاری هەڵەبجە،
هەرکوردێك نا
تۆوی کوردیان قڵتو بڕکرد!
بۆیە دەگریم
بۆیە دڵی ساوای شیعرم دادە خورپێ!
بۆیە ئادێ
لێوی رقی خۆم دەکرۆژم

چاوم ئانەی بەسەردا دێ!
*          *
ساڵەهایە، سەرم وێڵی گوللەیەکەو
دڵم بەشوێن
خەنجەرێك ئەخولێتەوە!
دەی خەنجەرەکانتان تیژکەن!
گوللەکانتان،حەواڵەی سەری وێڵم کەن
باش بزانن ئابێنم،
نەخشەکانتان پووچەڵ دەکەم
خەونەکانتان دەگەچلێنم!
*          *
بۆ هەر لایەك چاو دەگێڕم
دۆستێکی یەك ڕەنگ نابینم
یامن چاویلکەم قەترانین،
یا یەر لەمن،
گێژەلوویەکەی هەرە شەبەك
ئەم هەوارەی شێواندووە!
*          *
ساڵەهایە، لەکوردستان،
چەك بۆ جوانی ناکرێتە شان!
*          *
ڕۆژگارێکە،
بێشکەکانمان پێناکەنن!
ئاواتەکانمان هەڵنافڕن!
وە تەلیسمی ترسی مەرگ
بەتاڵ نابێ!
*          *
خەنجەرێکم،
لەناو بڕبڕەی پشتدایە،
کەئێشی ئەو،
هەتا مۆخی نێو هێسکانم
چۆتە خوارێ!

بەئازارتر ئەو دەردەیە،
هەموو جارێ،
دێتە یادم کە ئەو زامە،
دیاری یەکە،
کەدەستی خۆم پێی بەخشیوم!

ئاوارەی زێدەکەم خۆمم
پێشم وایە،
لەغوربەتا ئەخولێمەوەو
مەرگێکی سوور بۆتە هاورێم!
داخی دزێوی کۆیلەیی
بەناو چاوانمەوە دیارە!

قەت ناچمەوە چۆن دەچمەوە
بۆ مەڵبەندێ،
ئاشناترین خەونەکانم لەوێ مردن
سەوزترین خەیاڵەکان لەوێ ژاکان!
بۆ ئەو مەڵبەندەی،
هەموو ئینسانێکی خوێڕی جێگای گومان
تەنانەت بۆ چەند رۆژێکیش
دەتوانن ببنە قارەمان!
بۆ ئەومەڵبەندەی،
دوژمن تیر بارانی کردم،
وە دۆستانیش،
تیری خەڵاسیان پێوەنام!

ئەم وڵاتە، بێ ئازادی،
وەکو سنگی بەبێ دڵو
وەکو زاری بەبێ زمانو
وەکو چەکی بێ گوللەکە!

لەم وڵاتە،
عومری شادی کەم دەوامەو
خەم زۆر دەژی!
ناحەزانم تۆوی کینە دادەچێنن!
خاکەکەی من بەپیرشتە،
یەکو حەفتا زیاتر ئەبڕێ!
بۆ ناترسن، رۆژێك دایێ،
وەرزی دروێنەی نەفرەتان
بگاتە جێ!؟

بەرزترین شیعرەکانم،
مۆمی ژینی شاعیرێکن
گڕ بەر ئەدەم لەهەناویان،
لەپێناوی نیشتماندا!!
وەك چۆن،
هەڵەبجەی شەهیدیش،
وەك مۆم سووتا،
لەپێناوی کوردستاندا!!

شەو نییە خەونی تۆ نەبینم!
ئاخر وێنەی بەر لەخەو و
هەوڵ بادی بەخەبەریم
تەنیا هەر تۆی!

کەلێم دووری،
قەناری خەمگینی دڵم،
دەنگی نایە!
شنە کیەو
شادی لەناو شیعرەکانما
ناکا کایە!

کەدێیە لام،
فریشتەکان هەڵدەپەڕن!

خۆر دێتە دەر
سازی بێدەنگی ماڵەکەم
وە ئاهەنگ دێ و من گۆرانی،
"فەسڵی بەهارە چاوەکەم...."
دەڵێیمەوە!
لەو کاتەوە تۆم ناسیوە،
رووی ئارامیم قەت نەدیوە!

مێژوو پڕە لەخوێنی من!
پەڕ بەپەڕی هەڵدەنەوە،
چی ئەبینن؟
نیشتمانێکی ئاوەدان؟
یان ماڵێکی بێ رووناکیو
پیرە دایکێکی سەرسپیو
سێ چوار زڕکوڕی لاساری،
کەللە شەقی بێ بەزەیی؟
چی ئەبینن؟!
پایزانن کۆڕی دۆستان
پاتیم بگەن،
زلە رەش هێزی دوژمنان،
کەرۆژەکانی بەخسیریو
شەوەکانی ئەشکەنجەو ئێش،
وا بەرانبەر جەللادانم راوەستاوم،
کەکەلیخان،
لەبەرانبەر پاو و بۆران!
نەیانزانی شیعرەکانم،
بەتیژ نیگای پۆلا سمم
لەسەر دڵو دیوارو بەرد،
هەڵدەکۆڵم!
نەیانزانی،
شیعرم مێژووی ولاتێکە،
بەبێ لەمپەر،
لەسەر زامی هەزار ساڵە،
دەینووسنەوە، گوللەو خەنجەر!
خۆشمەدوێی،
هەرچەند دەزانم لەم خاکە،
دڵدارانی تۆ نیشتمان
رۆژێك گوڵباران ئەکرێنو
رۆژێکی تر، بەردە باران!
ئەوە منم،
لەسەر کوژراوی خۆم ئەگریم!
لەولاتێ کە مەسیحی،
هەرگیز لەخاچ ناکرێتەوەو
بەهاری وەك ئەفسانەیەو
سەربەخۆیی بەهانەیە!
چۆن بەهارمان هەڵناپرووکێ!؟
چۆن شەوەزەنگ،
شەوگارمان ناکا بەقەقنەس؟
لەو ولاتە،
چەقۆ، دەستەکەی خۆی دەبڕێ!
ئازادی،
وەك کوندێکی شووم،
مەرگ بەدیاری دەهێنێ،
بەرەو هەر لایەك هەڵدەفڕێ!
لێرە ژیان،
مانای زیندانو قەفەسە!
لێرە ئەوین،
چوارچێوەی نوێنی هەوەسە!
لێرە قەڵەم،
زنجیرێکی لەملدایەو
لەسەر لێوان، قامکی شادە
هاواری،
وسکووتو بەسە!
لێرە لاوان

دەبنە ئاوردووی ئاوری،
نەزانین و کەمتر خەمی!
لێرە ئاوان باسای باوە،
لەچوار لاوە، داسەپاوە!
من عومرێکە،
زامەکان بەمیرات دەگرم!
من عومرێکە،
پێکەنینی منالی کورد
وەردەگێڕمە،
سەر زمانی خەڵکی جیهان!
تۆوی ئەم عەشق و نەفرەتە،
دەگەل شیردا مژیومانەو
دەگەل گیانیش دەچێتە دەر!
باساغە باساغە باساغ،
ئەوین، نووسین،
بیرکردنەوە!
لەولاتێ،
کەچوار وەرزی ساڵی شەوە!
واهەڵوەدای،
وشکارۆی چارەنووسی بووین،
کەکانیاوێکی تێکۆشان،
لەئەفسانەو خەیاڵ دەچێ!
ئەی نیشتمان،
لەسەرسنگ گوللەو خەنجەر
لەسەرسەرت سێدارەیە!
ژێر پێت مینو
چوار دەرویشت،
مەرگ و نەمان، لەبۆسەدان!
چۆن بت دوێنم؟
چۆن بێم بۆ لات؟
لەقاچەکانم پێوەندو
لەدەستەکانم کەلەبچەو

لەناو دەمدا،
نارنجۆکێکی بێ زامن!
چۆن، بێم بۆ لات؟
لێم ناپرسی لەکوێوە دێم؟
لێم ناپرسی من چیم، من کێم؟
باش دەزانم بۆنی غەریبیم لێدەکەی
رەنگم ئاشنا نییەبەچاو،
دەنگم، رەنگدانەوەی خەمە!
دەفتەری شیعرەکانیشم،
هێلانەی دەردو ماتەمە!
پێلێم کێم؟
کۆیلەیەکی ولاتی گڕ!
جامانایەکی خوێناوی!
هەناسەیەکی ساردو سڕ!
لەکوێوە دێم؟
لەدارستانی خۆڵەمێش!
لەزێدی مەرگ و دەردو ئێش!
لەو مەڵبەندەی،
کانگای هەستو بیرو هۆشە!
لەو ولاتەی کەدایکانی،
بەناوی کوردستانەوە،
مەمك دەنێنە،
سەردەمی جگەرگۆشە!

گەلێ شەوان خەو ئەبینم!
خەونی منو
باوکو باپیرانم یەك نین!
باوە گەورەم
خەونی دێو درنجی دەدی و
باوکم خەونی،
نێرگزەکانی ژێر خاکو
منیش، هەر خەونی کازیوە!

باوکم ئەڵێ:
لەسەر چەقی هیچ ڕێگایەك پاڵ مەکەوە
باخەونی ئاڵۆز نەبینی!
دایکم دەڵێ:
خەون، ئاوێنەی ئاواتی
بێ دەسەڵاتی ئینسانە!
فەقیر خەون بەسامانو
برسی بەنانو
نەخۆش بەساغیو
عاشق بەیارو
دیل، خەونەکانی ئازادین!
درەنگ درەنگ عاشق دەبم!
کەعاشق بووم،
ئاسمان شین تر دێتە بەرچاو،
ڕووبارەکان،
بەخوڕڕەم تر دێنە قسەو
هەڵاڵەکان،
زۆر ڕەوان تر دەبنە هەڵبەست!
ئێرە کوێ یە؟
وەکو دونیای
بووکە شووشەی ناو کارتۆنەو
وەکو دونیای
خەیاڵاوی شیعری"هێمن"!
وەك دونیای خەو!
ئێرە وڵاتەکەی منە،
خۆشترین شوێنی دونیایە!
پێشینیان پێیانوایە،
لێرە بەهار زۆر درەنگ دێ،
یان هەرنایە!
من لەوڵاتی خەزانو
کوێستانی قینو نەفرەتو
پێدەشتەکانی بێزاری، بۆتان دەڵێم

لەو مەڵبەندەی لەپڕێکا،
هێندەی فوو لەچایەك دەکەی
زەماوەند ئەبێ بەپرسەو
قاقا دەبێتە گریانو
ژیان دەبێ بەچەمەرو
ڕۆژ دەبێتە تاریکاییو
شەونەم دەبێ بەشوکەران!
توانای پەروانم نەماوە!
بەڵام فڕین وانەیەکە،
هەموو ڕۆژێ دەیڵێمەوە!
قوتابیەکانی سەیرە
بۆ مامۆستایان نافڕێ؟
ئەوان شەیدای هەڵفڕینن!
دڵ پڕ لەعەشقو ئەوینن
چوون بەچاوی خۆشەویستی
لێم دەڕوانن،
باڵی پێکراو وبڕینی
دڵو گیانی من نایینن!
من نازانم لەکوێ دەمرم؟!
نازانم کەی،
ئەجەل ئەدا لەدەرگاکەم؟!
نازانم؟.. نا!
بەڵام لێم روونە ئەو کاتەش،
لەسەرمایە،
سەودای عەشقی نیشتمانم
لەدڵمایە،
خۆشەویستی کوردستانم!
کێ بوو وتی:
شاعیر تەنیا هەر دەتوانێ،
ئەسپی هۆنراوەکەی تاوداو...
بەپێدەشتی خەیاڵیدا تەقلە بکات؟
ئەوەتا من،

سواری ئەسپی خوێنی خۆمم،
بەگۆڕەپانی مەرگدا دێمو دەچم!
ئەوە سزانی برینمە،
خۆی بەگوێچکەی
هەموو چەقۆیەکدا دەکا!
ئەوە دڵی گڕ گرتوومە،
بۆ ساتێکیش ئارام نابێو
هەرا دەکات!
بەلای بەچۆڵگەی غەریبیما گوزەر مەکەن!
ئێرە پڕە،
لەئێسکو پروسکی زۆر نازدار
وشیار نەبن کەللە سەرێ
ئێسقانی بازوو و مەچەکێ
قوڵکەی چاو و چەنەگەبێ،
پێشێل دەکەن!
بەلای چۆڵگەی غەریبیما
گوزەر مەکەن!
ئێرە پڕە،
لەچاو رەشو گەردن کێڵو
لەش ناسکو لێو بەخەندە!
ئاگانەبن،
ئێرەوە عەشقێکی تووشو
پێدەشتێکی رەمزو رازو
مەلۆیەکی سرتەو چپەو
مەشتێ نیگاو
کۆگایەکی غەمزەو نازو
خەرمان لۆخێ خۆشەویستی
پێشێل دەکەن!
لەولاتە،
عومری شادی کەم دەوامەو
خەم زۆر دەژی!
ئێستاش هاوارو سروودی
نەتەوەی نوێی هەڵەبجە هەر ئازادیە:
ئەی ئازادی!
بووکی هیوای گەلەکەم تۆی!
خەڵکی دەڵێن:
گەر وڵاتێک،
شایاشی خوێنیت بۆ نەکا،
لەوێ دەڕۆی!
ئەی لەبەرچی،
لەگەڵ وڵاتی من نامۆی؟!
لەو وڵاتە، خۆ ڕۆژ نییە
سەرداریکمان نەچێتە سەردار
خۆ ساڵ نییە
تەخت نەکرێن چەند گوندو شار!
لێرە،
هەر زامی گوللەیە
رۆژی سەد جار دەکولێتەوە
لێرە، هەر بارانی خوێنە
نەخشەکانمان دەسڕێتەوە!
وەك چۆن دایك
بە کۆرپەوە حەساوەیە،
وەك چۆن بەهار
بەگوڵەوە رازاوەیە،
وەك چۆن جیهان
لەئاشتیا
دەبێتە جێی خۆشیو شادی،
کوردستانی جوانی منیش،
دڵگیرترە بەئازادی
شیرین ترە بەئازادی!